بەڵ زەرینەی ڕەهای دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی شارەزایان موجتەبا خامنەیی وەك ڕێبەری باڵای کۆماری ئیسلامی ئێران دیاریکرا



ئەنجومەنی شارەزایانی ڕێبەریی ئێران ڕایگەیاند، بەڵ زەرینەی ڕەهای دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنەکەیان موجتەبا خامنەیی وەك ڕێبەری باڵای کۆماری ئیسلامی ئێران دیاریکرا.

ئەنجومەنی شارەزایانی ڕێبەریی ئێران، کەمك لەمەوبەر لە ڕاگەیەندراوێکدا وتی، لە کۆبونەوەی ئەمڕۆی ئەنجومەنەکەیاندا، ئایەتوڵا مجتەبا حسێنی خامنەیی، لەسەر بنەمای دەنگی ڕەهای ئەندامانی ئەنجومەکە، وەك سێیەمین ڕێبەری باڵای کۆماری ئیسلامی دیاریکراوە.

دیاریکردنی ڕێبەری باڵای کۆماری ئیسلامی ئێران لەکاتێکدایە کە پێشتر دڵنادبوو تەمپ، سەرکی ئەمریکا ڕایگەیاندبو، دەبێت خێی بەشدار بێت لە دیاریکردنی ڕێبەری نوێی ئێراندا.

تەمپ لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ پێگەی ئاکسیس، ڕەتیکردبوەوە ڕازی بێت بە ڕێبەرایەتی موجتەبا خامنەیی و وتبوی، ئەوانە کاتی بەفیڕۆ دەدەن. کوڕی خامنەیی کەسێکی لاوازە.

لە نوێترین لێدوانیشیدا ڕۆژی یەکشەممە تەمپ رایگەیاند، ڕێبەری نوێی ئێران دەبێت ڕەزامەندی ئیمەی لەسەر بێت، بەبێ ڕەزامەندی ئیمە، زۆر لەسەر کار ناماننتەوە.

ئایەتوڵا موجتەبا خامنەیی، کوڕی عەلی خامنەیی، ڕێبەری پێشوی باڵای کۆماری ئیسلامی ئێرانە کە لە هەرشەکانی سەرەتای هەفتەی ڕابردوی ئیسرائیل و ئەمریکا بۆ سەر تاران کوژرا.

موجتەبا لە 8ی ئەیلولی 1969 لە شاری مەشهەد لە دایکبووە.

خوێندنی ئایینی لە تاران و حەوزەی قوم لەسەر دەستی پیاوانی ئایینی شیعەی خوێندووە لەنێویشیان عەلی خامنەیی باوکی و پاشان خێیشی درێژەی بە وانەی وتنەوە لەو بوارەدا داوە.